4-2-2006

## یەكبوونەوەی دوو ئیدارەی كورد ... غەفوور عوزەیری

ئەم یەك گرتنەوەیە، هەرەگەورەترین ئاواتی من بوو. . پێم وایەئاواتی زۆربەی میللەتی كوردەئەگەر هەمووی نەبێ. . جگەلەوانەی سوود مەندی پێچەوانەی یەك بوونەوەی هەر دوو ئیدارەن.
لەهەمان كات دا بەداخەوەم كەئەم خاڵەبوو بوو بەئاواتی گەورەی زۆرینەی گەلەكەمان. . چونكەئەبوایەهەر لەسەرەتاوە، بگرەلەبنەڕەتەوەئیدارەی كورد نەبوایەبەدوو ئیدارە. . بەهەرحاڵ با بەدوای ئەو گوریسەدا نەكەوین، وەكو كورد ئەڵێت (ئەو هەویرەئاو زۆر ئەكێشێت) باشتر وایەبیر لەبكرێتەوەچۆن و چی بكرێت بۆ پاراستن و پەرەپێدان و پتەو كردنی ئەو یەككگرتنە.
بۆ ئەم قۆناغەی كورد بوونی هەردوو ئیدارەبەیەك ئیدارەزۆر گرنگەبەلاَم گرنگتر ئەوەیەتەنها قسەیا مەرەكەبی سەر پەڕەی كاغەز نەبێت، بەڕاستی و نیاز پاكی و كرداریبێ فرۆفێڵ ئەنجام بدرێت.
لەوانەش گرنگتر ئەوەیەكەچۆن و چ رێگەیەك باشترینەبۆ دەست پێ كردن، بێ گومان بۆ چوون زۆرە. منیش وەكو كوردێك سەركەوتنی ئەم یەككگرتنهم زۆر مەبەستە، بۆیەمنیش بۆچوونم بەم چەند خاڵەی خوارەوەدەر ئەبڕم بەو ئومێدەی سوودی هەبێ:-
-1یەك خستنی رێكخراوەپیشەییەكان وەك لاوان، قوتابیان، . . . . . . . . هتد.
-2دەست كردن بەگۆڕینی ڕەوشتی ئەندامانی هەموو حزبەكانی كوردستان، بەدانانی (ئەنتی ڤایرۆس) لەمێشكیاندا، بۆ بەر بەست كردنی رق و كینەو دژایەتی یەكتر لەژێرەوە.
لەهەمان كاتدا با هەردوو سەركردایەتی ئامێرەكانی پێوانەی رادەی دڵسۆزی ئەندامەكانی كە(تا زیاتر دژ بەلایەنەكەی تربێ دڵسۆزترەبۆ لایەنەكەی خۆی) تێك بشكێنێ و ئامێرێكی نوێ بخەنەگەڕ، كێ زۆرتر دڵسۆزی كوردو كوردستان بێت ئەو كەسەزێدەدڵسۆزی سەرۆك و حزبەكەیەتی، ئەمەشیان پێوانەی ڕاستەقینەی كوردایەتی یە.
-3دەست كردن بەخۆشكردنی زەمینەیەك بۆ باوەرو متمانەكردن بەیەكتر لەكاركردن دا بەجۆرێك دوور لەهەموو هەستایەتی و كرژبوونەوەیەك و بێ پاسقول گرتن لەیەكتری.
-4ڕاگرتنی هەموو جموجۆڵێكی پاراستن و زانیاری لەدژایەتی یەكتر.
-5لەبەر ئەوەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان یەكسەر لەلایەن خەڵكی كوردستانەوەهەڵنەبژێراون، بۆیەپێویستەزۆر جوان بپاڵدرێن و پاكسازیەكی چاكیان تێدا بكرێت لەگەندەڵی و لەوانەی كەلەكۆبونەوەكاندا خەویان لێ دەكەوێ یان هەر خەریكی باوێشكدان و بكرێت بەمەرج هەر كەسێك سێ جار دواكەوت لەپەرلەمان دەربكرێت.
شتێكی تر هەر لەپەرلەمانتاران دا جێی داخە. . هەموو جارێ بەتێكڕای دەنگ بریارەكان تۆمارئەكرێن. . تكایەزوو بەزوویی خولیان بۆ ساز بكرێت، فێربكرێن كەچۆن وەكوو نوێنەرێكی گەل بەگوێرەی هەست و نەست و وویستی خەڵكەكەهەڵسوكەوت بكەن لەگەڵ دەركردنی هەر برِیارێك كەئەخرێتەدەنگەوەیان لێكۆڵینەوەنەك وەكوو ئەندامێكی حزب. . حزبەكەی هەر شتێكی ووت گەرچی لەبەرژەوەندی خەڵكیش نەبێت ئەو بڵێت بەڵێ. بۆیەزۆر پێویستەئەندامی پەرلەمان لەگەڵ هەست و نەستی میللەت دا بێت، با سەر بەحزبێكیش بێت چونكەحزب بەشێكی میللەتەو پەرلەمان بۆ حزبەكان و میللەت بەگشتی.

-6بۆ ئەنجامدانی ئەو خالانەی سەرەوەپێویستەلیژنەیەکی بالا لەدەزگای سەرۆکایەتی هەرێم دا دابمەزرێت، مەرج نیەحزبی بن. . بەلام مەرج بێ کەدلسۆزو لەخۆ بووردو دزنەبن وەکو غاندی خاوەن یەك دوو بزن بن لەبۆ خۆراك و جل. کاتێ ئەو ئەرکەی تەواوبوو. بەو یەك دوو بزنەبچنەدەرەوە(هەر چەندەئەمەخەیال پلاوە. . ! بەداخەوە) .

-7پێویستە. . بەلکو ئەرکێکی زۆر پیرۆزە. . . دانانی دەزگایەکی (ئاسایشی نەتەوایەتی) بۆ خۆپاراستن لەهەموو ترسێك. . لەوانەناسیۆنالیزمی عەرەب و ترسی فرۆفیلی خیلی جەعفەری و دووپشکی ژێر عەمامەکان.

-8لەکابینەی خولی یەکەم و دووەم کەتا 2009 ئەخایەنێ ئەبێ هەموو ئەم کارانەبەزیادەوەئەنجام بدرێت و دامەزرێت. . بۆ ئەوەی کۆتایی بەقۆناغی گونجاندن (توافق) نێوان حزبەکان ببینن و بەشێوەیەکی (مدنی) و بیرێکی فراوان و گیانێکی دیموکراتی ئەنجامی هەلبژاردنی داهاتوو بسەلمێنرێت و پیرۆزبایی و ڕێز لەخاوەن زۆرینەی دەنگ بگیرێ و یارمەتی بدرێ بۆ تەواو کردنی قۆناغی خۆی و کۆتایی بهێنرێت بەو جۆرەململانێیەبۆگەنییەی کەتا ئێستا بەرا مبهر بەیەك کراوەو بگۆڕدرێت بەململانێیەکی مەدەنی زیاتر، جوانتر، ڕاستتر کەخزمەتی گەل و کوردستان بکات.